# بەرپرسیاریەتی شارستانی دادنووس لە یاسای عیراقی

**کاوە ئەمین سەلیم**

بەشی یاسا، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

گومان لەوە دا نیە کە وا دادنووس پێگەیەکی یاسایی گرینگی هەیە ،چونکە بە دیهێنەری دادپەروەرییە لە کومەلگادا، بەتایبەتی لە رووی رێکخستن وپشتراستکردنەوە و دۆکیومێنت کردنی بەلگەنامە سەلمێنراوەکان ,کاری دادنووسی بە یەکێك لە کارە هەر گرنگەکان دادەنرێت کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یاسای تایبەت بۆ رێکخستنی ئەرک و مافەکانی دادنووس دەرکردووە، یاسا دانەری عیراقی بایەخێکی تەواوی بەم بابەتە داوە و یاسایەکی تایبەتی بۆ دەرکردووە، بەوپێیەی یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ ی تایبەت بەدادنووسان دەرکردووە، کە تیایدا کۆمەڵی پابەندی و مافی دیاریکردووە بۆ دادنووسان، دادنووس بە پێی یاسای کار دەکات و بڕیارەکانی هەمووی ملکەچی چاودێری و بەدووا داچوونن وە لە هەمان کات پاراستنی مافی یاسایی تاکەکانە لە کۆمەڵگە کە ئەگەرهاتوو توشی هەر پێشێلیەك بوون یان کەم و کورتی هەبوو لە کارەکانی دادنووس بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەرپرسیاریەتی شارستانی دادنووس بخەینەڕوو وە پایەکانی بەرپرسیاریەتی شارستانی دادنووس لە ژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان بەدیاربخەین، بۆ ئەوی وەڵامی پرسیارە ئاراستە کراوەکان بدەینەوە لەم توێژینەوە پێویستە مەنهەجی شیکاری بەراوردکاری بگرینە بەر بۆ شیکارکردنی هەموو ئەو دەقە یاساییانەی کەوا باس لەم بابەتە دەکات لە یاسای ژمارە (٣٣) سالی ١٩٩٨ بە بەراورد لەگەڵ یاساکانی بەرکاری عەرەبی وەکو (یاسای ئەردەنی ژمارە١١ی ساڵی ١٩٥٢ و یاسای دادنووسی لوبنانی ژمارە ٣٣٧ ساڵی ١٩٩٤)، ئەوەش لەپێناو ئەوەی کە بتوانین بابەتەکە بەباشترین شێوە بابەتەکە بخەینەڕوو، وە لە کۆتایدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە پێی گەیشتووین خراوەتەڕوو..

**کلیلە وشەکان:** دادنووس، بەرپرسیاتییەتی، یاسای عێراقی، شارستانی، یاسای دادنووسی.

## 1. پێشەکی

بنەما گشتییەکانی بەرپرسیارێتی دادنووس لە زۆرێک لە سیستەمی یاساییدا رێکخستنی یاسایی تایبەتی بۆکراوە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە عێراقیشدا لە یاسای ژمارە٣٣ی ساڵ١٩٩٨ی تایبەت بەدادنووسان بەرکارە، هەروەها لەرێگەی چەند رێنماییەکی تایبەتەوە لەوانەش رێنمایی ژمارە (٤١٤٣) ی ساڵی ٢٠١٠

رێکخستنی کارگێڕی تایبەتی بۆکراوە (رێنمایی ژمارە ٤١٤٣ ساڵی ٢٠١٠) دادنووس کەسێکە کە دەسەڵاتی وەرگرتنی بەڵگەنامە و گرێبەستە یاساییەکانی هەیە، بەمجۆرە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی نهێنی تاکەکان و لایەنە بەرژەوەندخوازەکان، دەبێت بە نهێنی و وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکات کە پێشکەشی دەکرێت، و ئاشکرای نەکات تەنها بە رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان یان بەپێی یاسا و کۆنترۆڵە دیاریکراوەکان نەبێت، حوکمە گشتییەکان بۆ بەرپرسیارێتی دادنووس لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر تارادەیەک جیاوازن، بەڵام هەندێک بنەمای گشتی هەن کە دەتوانرێت ئاماژەیان پێبکرێ:

دۆکیۆمێنتکردنی گرێبەست و بەڵگەنامە یاساییەکان: دادنووس کاردەکات بۆ بەدۆکیومێنتکردنی گرێبەست و بەڵگەنامە یاساییەکان و پەسندکردنیان بەپێی بنەما یاساییەکان و رێسا کارپێکراوەکان.

دەرکردنی بەڵگەنامە: دادنووس گشت بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە گرێبەست و بەڵگەنامەکان دەردەکات کە خۆی پشتڕاستی دەکاتەوە.

ەسندکردنی گرێبەستە دارایی و یاساییەکان: دادنووس گرێبەستە دارایی و یاساییەکانی وەک گرێبەستی فرۆشتن و کڕین، بەکرێدان، گرێبەستی خانووبەرە و

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 8، العدد 2 (2024).
أُستلم البحث في 4 أذار 2024؛ قُبل في 24 أذار 2024
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 1 تموز 2024
البريد الإلكتروني للمؤلف: kawa.ameen12@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2024 كاوە ئەمین سەلیم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp1-10

ئەوانی دیکە پەسند دەکات.(یاسای دادنووسان ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو: بڕگەی أ، ب لە دەق ١١)
لەم بەشەدا لەمیانی دوو تەوەردا ئەم باسە دەخرێتە ڕوو، لە تەوەری یەکەم باسلە تایبەتمەندیەکانی بەرپرسیاریتی دادنووس دەکرێت و لە تەوەری دووەمدا باس لە پایەکانی بەرپرسیاریەتی کارەکانی دادنووس دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:
پێناسەی بابەت: کاری دادنووسی بە یەکێك لە کارە هەر گرنگەکان دادەنرێت کە یاسادانەر بایەخێکی تەواوی پێداوە و یاسای تایبەتی بۆ دەرکردووە، وە ئەم یاسایە زۆربەی بڕگەو بابەتی لە خۆ دگرێت وە لەهەمان کات کۆمەلێك بەرپرسیارەتی دەخاتە ئەستۆی دادنووس .
گرنگی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژنەوە لەوە دەردەکەوێت ئەگەر چی دادنووس بە پێی یاسا کار دەکات وبریارەکانی هەمووی ملکەچی چاودێری و بەدووا داچوونن وە لە هەمان کات پاراستنی مافی یاسایی تاکەکانە لە کۆمەلگە کە ئەگەرهاتوو توشی هەر پێشێلیەك بوون یان کەم و کورتی هەبوو لە کارەکانی دادنووس بۆیە لەم توێژینەوە هەوڵ دەدەین باس لە بەرپرسیارەتی یاسایی دادنووس بکەین بە پێی یاسا بەرکارەکان .
کێشەی توێژینەوە: کێشەی توێژینەوە بریتییە لە کۆمەلێك پرسیار کە تاوتوێی دەکەین لەم توێژینەوەی بە ئامانجی ئەوەی بگەین بە وەلام دانەوەی بە دیهێنانی چارەسەر بۆیان، ئایا کاری دادنووسی ملکەچی چ جۆرە چاودێریەکە لە رووی یاساییەوە؟ وە ئایا دادنووس چ جۆرە بەرپرسیارەتیەك لە ئەستۆ دەگرێت؟ وە سروشتی یاسایی ئەم جۆرە بەرپسیارەتیە چۆنە؟ وە ئایا کەم وکورتی یاسایی هەیە لەم بوارە؟
مەنهەجی توێژینەوە: بۆ ئەوی وەڵامی پرسیارە ئاراستە کراوەکان بدەینەوە لەم توێژینەوە پێویستە مەنهەجی شیکاری بەراوردکاری بگرینە بەر بۆ شیکارکردنی هەموو ئەو دەقە یاساییانەی کەوا باس لەم بابەتە دەکات لە یاسای ژمارە (33) ساڵی 1998.
پلانی توێژینەوە: بۆ دابەش کردنی پلانی توێژینەوەکەمان کە بەشێکە لە توێژینەوەی ماستەرەکەمان کە باسی بنەما گشتیەکانی بەرپرسیارەتی دادنووس دەکات، دابەشی دوو باسمان کردووە لە باسی یەکەم تاوتۆ تایبەتمەندیەکانی بەرپسیارەتی دادنووس دەکەین لە باسی دووەم ڕوکنەکانی بەرپرسیارەتی بەرهەم هاتوو لە کارەکانی دادنووس تاوتۆ دەکەین، ئەمە جگە لەوەی کەوا هەرباسێك چەند لق و تەوەرێکی لێدەبێتەوە وەك لە خوارەوە دا هاتووە.
کلیلە وشەکان: دادنووس، بەرپرسیاتییەتی، یاسای عێراقی، شارستانی، یاسای دادنووسی.

## 2. تایبەتمەندیەکانی بەرپرسیاریەتی دادنووس

لە عێراقدا دادنووس گرنگی تایبەتی پێدراوە کۆمەڵێ تایبەتمەندییەکی هەیە کە ڕێکخستنی یاسایی تایبەتی بۆ کراوە بەگوێرەی یاسایەکی تایبەت ڕێکخستنی بۆکراوە بەگوێرەی یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨، هەرچەندە یاساکە پێناسەی دادنووسی نەکردووە و ئەمەش بەڕای ئێمە بەکەموکورتی دانانرێ بۆیاساکە، چونکە وەک دەزانین پێناسەکردن کاری یاسادانەرنیە زۆربەی کات یاسادانەران خۆیان بەدوور دەگرن لە پێناسەکردن، بەڵام بەگوێرەی ئەو پێناسانەی کە فقە بۆ داد نوسی کردووە تایبەتمەندی و جیاکەرەوەکانی بەرپرسیاریەتی دادنووس لە دوو لایەندا دەخەنە ڕوو یەکەم: بەرپرسیاریەتی مەدەنی دادنووس، دووەم بەرپرسیاریەتی گرێبەستی دادنووس، هەریەکە لەم تایبەتمەندیانە لەم تەوەرەدا دەخرێنەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە

### 2.1 بەرپرسیارییەتی شارستانی دادنووس

بەرپرسیارێتی مەدەنیی دادنووس بابەتێکی یاسایی ئاڵۆزە، و ڕۆڵی دادنووس لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و گرێبەستە فەرمییەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەشێکی سەرەکییە لە سیستەمی یاسایی، و بەمجۆرە بەرپرسیارێتییەکی گەورە بەرامبەر بە تاک و دامەزراوەکان هەڵدەگرێت.(محمد، ٢٠١٩: ل ٤٤٥-٤٥٥) ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەرپرسیارێتی مەدەنیی دادنووسە لە یاسای عێراقدا و بەراوردکردنی لەگەڵ یاسا هاوشێوەکانی هەندێ وڵاتدا.
بەرپرسیارێتی مەدەنیی دادنووس لە یاسای عێراقدا بەو مانایەیە کە دادنووس لە ڕووی یاساییەوە پابەندە بە تاک و دامەزراوەکانەوە سەبارەت بە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و گرێبەستەکان و پشتڕاستکردنەوەی یاسایی و ڕەوایيان، دادنووس بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان. (محمد، ٢٠١٩: ل ٤٤٥-٤٥٥)
دادنووس دەتوانرێت لە زۆر حاڵەتدا بەرپرسیار بێت لە ڕووی مەدەنییەوە، وەک ساختەکردنی بەڵگەنامەکان یان کەمتەرخەمییەکی گەورە لە جێبەجێکردنی ئەرکە پیشەییەکانیدا، بۆ نموونە ئەگەر دادنووس بەڵگەنامەیەک بە ڕەوا بنووسێت هەرچەندە دەزانێت کە هەڵەیە، ئەوا دەتوانرێت بە بەرپرسیارێتی مەدەنی تۆمەتبار بکرێت. (عوین، ٢٠٢٠: ل٦١٦-٦٣٠)
لایەنە هاوبەشەکان لە هەموو یاساکاندا بریتین لە پێویستی پابەندبوون بە دەستپاکی و ڕاستگۆیی پیشەیی لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و گرێبەستەکاندا، یاساکان جیاوازن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر سەبارەت بەو ڕێکار و پێوەر و سزایانەی کە بەسەر دادنووس دەسەپێنرێت لە ئەگەری پێشێلکردنی ئەرکە پیشەییەکانیان

### 2.2 بەرپرسیارێتی گرێبەستی دادنووس

هەندێک لە فیقهی یاسایی پێیان وابوو کە بەرپرسیارێتی مەدەنی پیشەییەکان بەگشتی و دادنووس بە تایبەتی سروشتی گرێبەستییە لەسەر بنەمای پێشێلکردنی پابەندبوونێکی گرێبەستی(خطاب، ١٩٨٦: ل ٢٢-٢٣) ، بۆیە لێرەدا ئەم پرسیار دێتە پێشەوە سەبارەت بە ئازادی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ هەڵبژاردنی دادنووسی دیاریکراو بەبێ هیچ کۆت و مەرجێک؟ چوونکە وەک دەزانیین گرێبەستی دادنووسی بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بەپێی سروشتی هەر گرێبەستێک داوا دەکات، ئەوانیش قۆناغی پێش دەستکاریکردن - قۆناغی دەستکاریکردنی گرێبەست - قۆناغی تۆمارکردن و بانگەشە و ڕاگەیاندن. بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەسەڵاتی وەرگرتنەوەی بەڵگەنامە و کاغەزەکانیان هەیە و پەنا بۆ دانووسێکی دیکە ببەن.
لایەنی دووەم دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە ناچاریان بکات بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی گرێبەستەکە، لە ئەگەری خۆبەدوورگرتن لە درێژەدان بە ڕێکارەکانی گرێبەست دوای نووسینی و پێش واژۆکردنی، لایەنەکان ئازادی تەواویان دەبێت کە بەردەوام

نەبن لە گرێبەستەکە ئەگەر واژۆ نەکرابێت، بەم پێیەش کرێی دادنووس گشتی یان بەشێکیان لەدەست دەچێت دوای لێبڕینیان لە خەرجییەکانی گرێبەست کە سوودی بۆ هەبووە، دوای ئەوەی نووسیویەتی (ظهوری و سادات، بێ ساڵی چاپ: لا ٩)

وەلەو حاڵەتەی کە دادنووس هەموو هەنگاوە فەرمیەکانی گرێبەستەکەی تەواو کردووە دوای ئەوەی لەلایەن لایەنەکان و شایەتحاڵەکانەوە داڕێژراوە و واژۆ کراوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر دەسەڵاتێک یان ئازادییەک لەدەست دەدەن کە ڕێگری بکات لە دادنووس لە دەستپێکردنەوەی باقی ڕێکارەکان و فۆرماڵیزمەکانی تر کە یاسا لەو گرێبەستەدا داوا دەکات. (ظهوری و سادات، بێ ساڵی چاپ: لا ٩) لە مەشەوە بەدیاردەکەوێت، دادنووس ئازادییەکی هاوشێوەی نییە بۆ هەڵبژاردنی ئەو لایەنە گرێبەستکارانەی کە هاتوون داوای خزمەتگوزارییەکەی بۆ دیاریکردنی ڕێکەوتنەکانیان، تەنها لە حاڵەتی پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکان نەبێت.

هەروەها دادنووس ئازادی هەڵبژاردنی هەندێک گرێبەست لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە یان لایەنە گرێبەستکارەکانەوە نییە، چونکە بەگوێرەی ماددەی (١١) لە یاسای دادنوسی بەرکاری ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٩٨ لە عێراقدا ئەرکی دادنووس لە چەند ئەرکێکی سەرەکی دیاریکراوە و بەم شێوەیەیە:

مادەی (١١): دادنووس ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

یەکەم: ڕێکخستن و بە بەڵگەنامەکردنی هەموو مامەڵە یاساییەکان، جگە لەوەی کە بە دەقێکی تایبەت بەدەر دەکرێت، وە مەبەست لە ڕێکخستن و بەڵگەنامەکردنە بریتیە لە:

1. ڕێکخستن: - نوسینی بەڵگەنامەی فەرمی ڕاستەوخۆ لە دادنووس بەگوێرەی داواکاری لایەنەکان لەسەر پەراوی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە، وە ڕەچاوکردنی ئەوەی کا یاسا دەقی لەسەر داوە لەسەر ئەم بابەتەدا .(یاسای دادنووسی عێراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨، ماددەی ١١/بڕگەی أ)
2. بەبەڵگەنامەکردن (التوثيق) پەسەندکردنی دادنووس لەسەر واژۆ یان پەنجەمۆری هەریەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەڵگەنامەیەکدا کە لەلایەن ئەوانەوە ڕێکخراوە و دانپێدانانیان بە ناوەڕۆکەکەی . (یاسای دادنووسی عێراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨، ماددەی ١١/بڕگەی ب)

دووەم : پەسەندکردنی بریکارنامەکان.

سێیەم: پەسەندکردنی وەرگێڕان، دوای سوێند خواردنی وەرگێڕ لەسەر ڕەوایەتی وەرگێڕانەکە . (یاسای دادنووسی عێراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨، ماددەی ١١/بڕگەی سێیەم)

چوارەم - تۆمارکردنی ئەو هەڵسوکەوتە یاساییانەی کە لەسەر ئامێرەکان وەرگیراون بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا هاتووە.

پێنجەم - پەسەندکردنی توانای دارایی کەفیل بۆ بە بەڵگەنامەکردنی گەرەنتیەکان بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

1. ئەگەر کەفیل پشتڕاستکردنەوەی توانای دارایی خۆی لە لایەن لایەنێکی ڕێگەپێدراوەوە پێشکەش بکات بەپێی بڕگەکانی یاساکانی تایبەت بە خۆیان.
2. ئەگەر کەفیل یەکێک بێت لەو کرێکارانەی لە وەزارەتەکانی دەوڵەت یان خانەنشین بووبێت دوای پشتڕاستکردنەوەی، وە کەفالەتەکە بە بڕە پارەیەک دیاری بکرێت کە لە کۆی ئەو مووچە و دەرماڵە جێگیرانەی بۆ ماوەی ساڵێک وەریدەگرێت زیاتر نەبێت.
3. ئەگەر کەفیل گەرەنتی بە شێوەی ماددی یان گەرەنتی بانکی پێشکەش بکات . (یاسای دادنووسی عێراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨، ماددەی ١١/بڕگەی پێنجەم)

شەشەم - دادنووس دەتوانێت بە پێی قەناعەتی خۆی پشتگیری لە توانای دارایی کفیل بکات لە سنووری (10,000) دە هەزار دینار.

لەمەی پێشەوە سروشتی ئەرکەکەنی دادنوس بەشێوەیەکی ئاشکرا بەدیار دەکەوێ، کە سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنەکانی ئەم بۆچوونەی پێشەوە بۆ ئەوە دەچن کە بەرپرسیارێتی مەدەنی دادنوس وەک بەرپرسیارێتییەکی گرێبەستی لەسەر بنەمای پێشێلکردنی پابەندبوونە گرێبەستییەکانی نێوان ئەوان، وە بۆ پشتگیری کردنی ئەم ڕایەشیان کۆمەڵێ حجه دەهێننەوە:

دادنوس و هاوشێوەکانی (دکتۆر و ئەندازیار و و پارێزەران) لەگەڵ ئەو لایەنەی کە گرێبەستی لەگەڵ دەکەن پەیوەستن بە گرێبەستێکەوە، کە پێگەی(محل)ی کارەکە بریتیە لە پێشککەشکردنی خزمەت گوزاریەک، بۆیە هەر لادانێک لە ئەرکە پیشەییەکانیان ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی گرێبەستی دەبنەوە، چونکە گرێبەستەکە پابەندبوونی یەکتر لە نێوان هەردوولادا دەسەپێنێت .(السنهوري، ٢٠١٠: لا ١١٨)

به پشتبەستن بەو بۆچوونە، دادنووس - وەک پیشەکانی تر- گرێبەست لەگەڵ لایەنەکان دەکات کە داوای خزمەتگوزارییەکە دەکەن بە زووترین کات ئەو ئەرکەکە قبوڵ دەکات، بەو پێیەی دان بەوەدا دەنرێت کە گرێبەستێک هەیە کە لە ساتەوەختی قبوڵکردنی ئەرکەکە سەرهەڵدەدات و لە ئەگەری ئەوەی دادنووسهەڵەیەک بکات، بەرپرسیارێتی گرێبەستی هەیە، نەک بەرپرسیارێتی لە کردەوە زیانبەخشەکە. ئێمە لێرەوە ڕێککەوتنی لایەنگرانی ئەم ڕەوتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرپرسیارێتی پیشەیی بەگشتی سروشتی گرێبەستییە، لە کاتێکدا جیاوازییان هەبووە لە پێناسەکردنی سروشتی یاسایی ئەو گرێبەستەی کە پیشەییەکە بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەبەستێتەوە، لە ئەنجامدا لە دوو بەشی یەک لە دوای یەکدا باس لە بۆچوونە جیاوازەکان دەکەین لە دیاریکردنی سەرچاوەی پابەندبوونی گرێبەستی دادنووس.

## 2.3 هەڵسەنگاندن و سەرچاوەی پابەندی گرێبەستی دادنووس لە یاسا تایبەتەکاندا

بۆچوونی جیاواز لە دیاریکردنی سەرچاوەی پابەندبوونی گرێبەستی دادنووس لە یاسای تایبەت لە نێوان لایەنگرانی ئەو ڕەوتەدا هەیە، کە جەخت لەسەر سروشتی گرێبەستی پابەندبوونە پیشەییەکانی دادنووس دەکاتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە گرێبەستەکە سەرچاوەی پابەندبوونی دادنووسە، بەڵام ناکۆکییەک هەیە سەبارەت بە سروشتی ئەم گرێبەستە، بۆیە لێرەدا گرنگترین گرێبەستە یاساییەکان ڕوون دەکەینەوە کە زانایانی بواری فیقە و دەسەڵاتی دادوەری لەسەریان ڕێککەوتوون بۆ دیاریکردنی سروشتی ئەو گرێبەستەی کە پیشەییەکان بە موکلەکانیانەوە دەبەستێتەوە، و تا چەند ئەم گرێبەستانە لە دیاریکردنی سروشتی پابەندبوونی گرێبەستی دادنووسیدا دەوری هەیە . (الظهوري و سادات ، بەبێ ساڵی چاپ: لا

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp1-10

١٠)
بەرپرسیاریەتی بەواتا گشتیەکەی بریتیە لە لادان لە پابەندییەکی پێشوەختە، ئەگەر بێتو سەرچاوەی ئەو پابەندیە یاسابێت ئەوە بەرپرسیاریەتیەکە کەمتەرخەمیە(تقصيرية)، بەڵام ئەگەر هاتوو سەرچاوەی پابەندیەکە گرێبەست بوو ئەوە بەرپرسیاریەتیەکە گرێبەستیە، واتە بۆ ئەوەی بەرپرسیاریێتی گرێبەستی هەبێت، پێویستە گرێبەستێکی ڕەوا هەبێت، واتە ئەگەر هیچ عەقدێکمان نەبێ بەرپرسیاریەت گرێبەستیش دروست نابێ،بەو پێیەی شوێنەواری گرێبەستی یەکێکە لە کاریگەرییەکانی گرێبەستێکی ڕەوا، گرێبەستەکە پووچەڵ دەبێتەوە ئەگەر شایستەیی بریکار درووست نەبێ بۆ بەستنی ئەو گرێبەستە .(یئسف، ١٩٩٦: لا ٣١٦)
هەروەها هەندێک لە یاساناسان بە پێویستی دەزانن کە ئەو بنەمایانەی کە حوکمی ئەم بابەتە دەکەن لە ژێر کۆمەڵێ بنەمای ڕەها دابنرێن و ڕێکخستنی تایبەتیان بۆبکرێ، بە ئیعتباری ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە کاری فکری دەکەن جیاوازن لەو کەسانەی کە لەبەرامبەر بەرژەوەندی ماددی کاردەکەن.
بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی ئەم بۆچوونە، پێویستە لە گرێبەستی بریکارنامە بگەڕێین بۆ زانینی هاوسەنگی برگەکانی لەگەڵ کارەکانی دادنووس و پەیوەندییەکەی بە لایەنە گرێبەستکارەکانەوە، وە ئایا بەتەنها بەسە وەک سەرچاوەی پابەندبوونی گرێبەستی دادنووسی؟ گرێبەستی بریکارنامە چییە؟ تایبەتمەندیەکانی چین؟
فەقیهەکانی شەریعەت بریکارنامە ( الوكالة) بەم شێوەیە پێناسە کردووە: نوێنەرایەتی (الانابة) و دەسەڵاتپێدان (التفويض) لەو باروو دۆخەدان کە کەسەکە لە ژیاندایە، بەو پێیەی بریتییە لە ڕێگەدان بە کەسێکی تر جگە لە خۆی لە هەڵسوکەوت ومافێکدا (الصنعاني، ١٩٩٧)، بنەمای گشتی ئەوەیە کە هەرکەسێک ڕێگەی پێبدرێت هەڵسوکەوتی یاسایی بکات، دروستە دەسەڵاتی پێ بدرێت .(ابي حفص، ١٩٧١: لا ٥٥٦)
اصل وایە کە ڕێگە پێدانەکە بێ بەرامبەر بێ، تەنها لە ئەگەری ناکۆکی لە ڕێککەوتنەکەدا نەبێت، وەک چوونە ناو بریکارنامەی بۆ پیشەی بریکاری، وەک پارێزەر (السنهوري، ٢٠١٠: لا ٥٣)، هەروەها بە گرێبەستێکی ڕەزامەندی دادەنرێت لە ئەگەری ئەوەی پەیوەندی بە کردەوەیەکی یاساییەوە نەبێت کە یاسادانەر پێویستی بە فۆرمێکی تایبەت هەبێت.
هەروەها ڕەچاوکردنی کەسی تێیدا زاڵە ( اعتبارات الشخصی)، بەو پێیەی کەسایەتی هەردوو بەڕێوەبەر و بریکار کەوتۆتە ژێر ڕەچاوکردن، بریکارنامەکە بە مردنی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی دێت. گرێبەستێک کە دەتوانرێت بە ئارەزووی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی پێبهێنرێت . (الظهوری و سادات ، بەبێ ساڵی چاپ: لا ١٠)
بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست بکرێتەوە، دەبێت بەراوردێک لە نێوان بریکارنامە و پەیوەندیی دادنووس لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بکرێت.

1. لەڕووی خستنەڕووی گرێبەستی وەکالە لەسەر کردەوە یاساییەکان، یەکێک لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی گرێبەستی وەکالە بە بەراورد بە گرێبەستەکانی تر، دەسەڵات پێدانی بریکارە بە هەڵسان بە ئەنجامدانی هەڵسووکەوتی یاسایی، لە کاتێکدا بەڵێندەر و بەکرێگیراو کارەکانیان ئەنجام دەدەن، چ لە ڕووی ماددی یان دەروونییەوە، بەبێ ئەوەی کەسانی دیکە ڕابسپێرن .(سوادی، بەبێ ساڵی چاپ: لا ٥٤)
2. بوونی مەرجە پێویستەکان بۆ بەستنی بریکارنامە: بریکارنامە بە گرێبەستە ڕەزامەندیەکان دادەنرێت، واتە پێویستی بە شێوەیەکی دیاریکراونیە بۆ بەستنی، واتە ڕەزامەندی بە اساسی عقدەکە دادەنرێ.

جگە لەوەی گرێبەستی بریکاری گرێبەستێکە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی و ڕێککەوتن لەگەڵ هەموو ئەرێنییەکان بەبێ ئەوەی پێویست بکات فۆرمێکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت، کە ڕەزامەندی بە بنەمای گرێبەستەکان دادەنرێت، وە لەهەمانکاتدا گرێبەستێکی بەبەرامبەرە، هەردوو لایەنەکان لەبەرامبەر ئەم گرێبەستە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر ڕێک دەکەوێت، بۆیە گرێبەستەکە بە دوو لایەی دادەنرێ .(سلطان، ٢٠٠٧: لا ٤٣)

لەمەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دادنووس، بەپێی یاسا بە ڕێگەپێدراو و بریکارێک بۆ دەسەڵاتی گشتی دادەنرێت، هەربۆیە ئەرکی دادنووس وەک فەرمانبەرێکی گشتی بەرامبەر بە لایەنەکانە سەرچاوەی گرێبەستەکە گرێبەستی بریکار نییە، هەرچەندە هەندێک لە کارەکانی وا دیارە بریکارن، لەکاتێکدا سەرچاوەی ئەم بریکارە یاسایە، پابەندبوونێکی یاساییە کە یاسا بەسەر دادنووسیدا سەپاندووە لەکاتی وەرگرتنی ئەرکەکانیدا، سروشتی یاسایی پیشەی دادنووس کە یەکێکە لە پیشەکانی سروشتێکی یاسایی تایبەت، بەو پێیەی فەرمانگەیەکی گشتی یان پیشەیەکی ئازاد نییە، دادنووس لە کۆتاییدا بە ناوی ئەوەوە کار دەکات بۆ حسابی دەوڵەتی کارامە، بە پشتبەستن بەو شتانەی پێشوو، دادنووس گرێبەستەکە بەڵگەنامە دەکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکی فراوانتر لە بەرژەوەندی لایەنە گرێبەستکارەکان بەدەستبهێنێت، کە نوێنەرایەتی دەکرێت لە کارکردنی ئاسانکارییە گشتیەکانی دەوڵەتدا و ئەمەش هۆکارێکە بۆ وەدەرنانی بیرۆکەی بریکارنامەی هاوبەش بۆ لایەنە گرێبەستکارەکان.

## 3. ڕوکنەکانی بەرپرسیارییەتی بەرهەمهاتوو لە کارەکانی دادنووس

بەرپرسیارێتی دەرئەنجامی کارەکانی دادنووس بە پرسێکی گرنگ لە یاساکان دادەنرێت و چەند ڕوکنێکی هەیە کە یاسا و ڕێساکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن بۆ دیاریکردنی سروشت و ڕادەی ئەم بەرپرسیارێتییە، یەکەم ڕوکن لە بەرپرسیارێتی دادنووسیدا بوونی کردەوە یان کەمتەرخەمییە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەرپرسیارێتی کاتێک سەرهەڵدەدات کە دادنووس کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات یان شتێک کە بڕیارە بیکات. (محمد، ٢٠١٩: لا ٤٤٥-٤٥٥)
دەبێت دادنووس ڕۆڵێکی هەبێت کە ببێتە هۆی زیان یان دەرەنجامی زیان، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو کارە یان کەمتەرخەمییەی ئەنجام دەدرێت دەبێت هۆکاری ڕاستەوخۆی زیانەکە بێت، یان دەبێت زیانێکی ڕاستەقینە هەبێت کە لە ئەنجامی کردەوە یان کەمتەرخەمی دادنووس بێت.(الظهوری و سادات، بێ ساڵی چاپ)
دەبێت ڕادەی زیانەکان بە وردی دیاری بکرێت و بە شێوەیەکی جوان بخەمڵێندرێت. (الظهوری، ٢٠٢٢: لا٨٢-١٠٧)
لە هەمان کاتدا دەبێت پەیوەندی یاسایی هەبێت لە نێوان کردەوە یان کەمتەرخەمی و دەرەنجامی زیانەکان، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەتوانرێت دادنووسی بەرپرسیار بێت ئەگەر زیانەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کردەوە یان کەمتەرخەمییەکەیەوە هەبێت وە ڕەفتاری ناپاک یان نایاسایی دادنووس دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەرپرسیارێتی

مەدەنی هەبێت، بۆ نموونە، ساختەکردنی بەڵگەنامەکان یان ئاشکراکردنی زانیاری هەڵە دەتوانێت ببێتە هۆی لێپرسینەوە لە دادنووس .(حمد، ٢٠٢٠: ل١٩٧-٢٣٣)

داواکارانی زیانلێکەوتوو دەبێت ڕێکارە یاساییە گونجاوەکان پەیڕەو بکەن بۆ داوای بەرپرسیارێتی مەدەنی لە دادنووس، ئەم ڕێکارانە بریتین لە تۆمارکردنی سکاڵا و داوای یاسایی لە شوێن و دەسەڵاتە کارامەکراوەکان، وە هەڵبژاردەی دادوەری پەیوەستە بە دادگای کارامە بۆ دیاریکردنی ڕادەی بەرپرسیارێتی دادنووس و ڕادەی قەرەبووکردنەوەی گونجاو بۆ ئەوانەی کاریگەرییان لەسەرە، ئەم بڕیارانە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگە و ئیفادانەیە کە لەبەردەم دادگادا خراوەتەڕوو .(عجيبي، بێ ساڵی چاپ: ل ٦١٦-٦٢٣)

بەکورتی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ئەنجامی کردەوەکانی دادنووسەوە دێتە ئاراوە، پەیوەستە بە بوونی کردەوەیەک یان کەمتەرخەمییەک کە دەبێتە هۆی زیان و لەڕووی یاساییەوە پەیوەستە بە دادنووسەوە.

### 3.1 هەڵە لە کارەکانی دادنووس

دادنووس ئەو کەسەیە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سیستەمی داد و یاسا لە عێراقدا. دادنووس بەڵگەنامە یاساییەکان و بەڵگەنامەکانی دیکەی گرنگی یاسایی بە دۆکیۆمێنت دەکات، و بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی و وردی ئەو بەڵگەنامانە. (زیدان، ٢٠١٧: ل ٢٧٠-٢٧١) بەپێی یاسای عێراق، دادنووس دەبێت پابەند بێت بە ستاندارد و ئەخلاقی پیشەیی و یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، ئەگەر ئەم یاسایانە پێشێل بکرێن یان پشتگوێ بخرێن، ئەمە بە ڕوکنێکی هەڵە لە کردارەکانیدا دادەنرێت، هەروەک لە ماددەی ١٦٣ هاتووە لە یاسای تەکنیکیی شارستانی " هەر هەڵەیەک کە ببێتە هۆ زیان گەیاندن بە ئەوانی تر پێویستە قەرەبوو بکرێتەوە"( دەق (١٦٣)، یاسای تەکنیکی شارستانی عیراقی ژمارە(٨٨) ساڵی ١٩٥٦) لێرەدا بە وردی باس لە ڕوکنی هەڵە لە کاری دادنووس لە یاسای عێراقدا دەکەین، تیشک دەخەینە سەر لایەنە یاسایی و ئەخلاقیەکانی ئەم کارە.

### 3.1.1 ڕەوایەتی یاسایی بەڵگەنامەکان

یەکێک لە ڕۆڵە گرنگەکانی دادنووس پشتڕاستکردنەوەی ڕەسەنایەتی و متمانەپێکراوی ئەو بەڵگەنامانەیە کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوونی ئەو بەڵگەنامانە بە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانەوە دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە دڵنیابوون لە دروستی و ڕاستی ئەو زانیاریانەی کە تێیدا باسکراون. ئەگەر بەڵگەنامەکان بە زانیاری هەڵە یان ساختە بنووسرێن، ئەمە بە هەڵەیەکی یاسایی جددی دادەنرێت کە دەتوانێت کاردانەوەی یاسایی جددی هەبێت .(سالح، ٢٠٢١:ل ١٢١-١٢٢)

"دادنووس دەبێ لەکاتی پەسەندکردنی هەر قەواڵەیەک دڵنیا بێت لە بەدەربوونی لە گومانی ساختەکاری و گۆڕین تێیدا وە دەبێ ڕاستاندندنەکە ڕەت بکاتەوە گەر شتێک دەرکەوت لەم بابەتانە یان بۆی ڕوون بووەوە کە ئەو مەرجانەی تێدا نییە بۆ ڕاستاندنی کە بەدەق لەسەری هاتووە لە یاسادا" .( دەق(٢٠)، یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨ هەمووارکراو).

یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی دادنووسی گشتی پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایەتی یاسایی ئەو بەڵگەنامە و ئامرازانەیە کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەمەش بریتییە لە پشکنینی ئەوەی کە ئەم بەڵگەنامانە پابەندن بە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکانەوە و دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری ڕاست و دروستیان هەڵگرتووە. ئەگەر بەڵگەنامەیەک بە دادنووس بکرێت کە زانیاری هەڵە یان ساختەی تێدابێت، ئەوە بە هەڵەیەکی یاسایی دادەنرێت و دەتوانێت ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە یان ڕێکاری یاسایی هەڵە.(محمد، ٢٠١٩: ل٤٤٥-٤٥٥) بۆ نموونە ئەگەر دادنووسی گشتی بەڵگەنامەیەکی خانووبەرە کە زانیاری هەڵەی تێدایە سەبارەت بە خاوەندارێتی موڵکەکە بە دۆکیۆمێنت بکات، ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی سوودێکی نادادپەروەرانە بۆ لایەنێک و دەتوانێت ببێتە هۆی زیانێکی دارایی بەرچاو بۆ کەسانی دیکە .(عجيبي، بێ ساڵی چاپ: ل ٦١٦-٦٢٣)

گرنگی ڕۆڵی دادنووس بەدیار دەکەوێت لە دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی ئەو بەڵگەنامە و ئامرازانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی زانیارییەکان و پابەندبوونی ئەم بەڵگەنامانە بە یاسا و ڕێساکان بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە بۆ پاراستنی مافی لایەنەکان و هێنانەکایەی دادپەروەری لە سیستەمی یاساییدا، ئەگەر ئەم ڕۆڵە پشتگوێ بخرێت یان بەدەر بکرێت، دەتوانێت ببێتە هۆی کاریگەری یاسایی و ئەخلاقی جددی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەبێت، هەروەک لە دەق (٢٠) لە یاسای دادنووسانی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو دا هاتووە کە: "دادنووس دەبێ لەکاتی پەسندکردنی هەر قەواڵەیەک دڵنیا بێت لە بەدەربوونی لە گومانی ساختەکاری و گۆڕین وە دەبێ ڕاستاندنەکە ڕەت بکاتەوە ئەگەر هەر شتێک دەرکەوت لەم بابەتانەوە یان بۆی ڕوون بووەوە کە ئەم مەرجانەی تێدا نییە بۆ ڕاستاندنی کە بە دەق لەسەری هاتووە لە یاسادا" .( دەق (٢٠ ) لە یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو)

بۆیە پێویستە دادنووس پابەند بێت بە بەرزترین پێوەرەکانی دەستپاکی و ڕاستگۆیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا و بەوپەڕی وردبینییەوە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەکان پشتڕاست بکاتەوە، هەروەک لە ماددەی ٢١ لە یاسای ژمارە (٣٣) دادنووسان هاتووە "نووسینی قەواڵەکان دەبێت ڕوون بێت و دوور بێت لە کڕاندن، یان خستنە سەر یان سڕینەوە یان بۆشایی"( دەق (٢١) یاسای دادنووسی ژمارە٣٣ ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو) بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکان و دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکان، دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر گەیشتن بە دادپەروەری و شەفافیەت لە یاسا و کۆمەڵگا بە گشتی.

### 3.1.2 ڕێکارە کارگێڕییەکان

ئەرکی دادنووس لە یاسای عێراقدا بەرپرسیارێتی گەورە و پابەندبوونی یاسایی لەگەڵدایە. دەبێت چەند ئامانجێکی بنەڕەتی بکات، لەوانە دڵنیابوون لە ڕەسەنایەتی و متمانەپێکراوی ئەو بەڵگەنامانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، و پابەندبوون بە ڕێکارە کارگێڕییە کارپێکراوەکان کە لە یاسادا دیاریکراون. ئەمەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە فۆڕم و ڕێکارە پەسەندکراوەکان بۆ هەندێک جۆری بەڵگەنامە، و پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دڵنیابوون لە دەسەڵاتیان بۆ واژۆکردنی ئەو بەڵگەنامانە، پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە بەشێکی سەرەکییە لە کاری یاسایی دادنووسی. (محمد،٢٠١٩: ل٤٤٥-٤٥٥)

هەروەها دادنووس دەبێت ڕێکارە کارگێڕییەکان پەیڕەو بکات کە لە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکاندا هاتووە لە کاتی دۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەنامەکاندا، ئەمەش پابەندبوون بە فۆڕم و ڕێکارە پەسەندکراوەکانی پێویست بۆ جۆرێکی دیاریکراوی بەڵگەنامە دەگرێتەوە. پێویستە ناسنامەی لایەنە پەیوەندیدارەکان پشتڕاست بکرێتەوە و دڵنیابن

لەوەی کە دەسەڵاتیان هەیە بۆ واژۆکردنی بەڵگەنامەکان. هەروەک لە ماددەی ٢٢ هاتووە لە یاسای دادنووسان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو "نابێت دادنووس ڕێکخستن و ڕاستاندنی هیچ قەواڵەیەک بکات تەنها بە ئامادەبوونی خودی لایەنەکان نەبێت ، یان ئەوانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی نوێنەرایەتییان دەکەن وە دڵنیابوون لە ناسنامەی هەر یەکەیان و لێهاتوویی و تایبەتمەندی دەسەڵاتیان وە ئەمانە لە قەواڵەکە جێگیر دەکات"( دەق (٢٢)، یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو) بۆ نمونە لە پرۆسەی دادنووسی گرێبەست بۆ کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە، پێویستە دادنووس ناسنامەی کڕیار و فرۆشیار پشتڕاست بکاتەوە و پابەند بێت بەو ڕێکارانەی کە لە یاسای سزادانی عێراقی و یاساکانی خانووبەرەدا هاتووە.

بە ڕوونی دیارە کە ڕۆڵی دادنووس تەنها لە دۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەنامەکان زیاترە، هەروەها پابەندبوون بە ڕێکارە کارگێڕییە دامەزراوەکان و دڵنیابوون لە ڕەوایی و متمانەپێکراوی زانیاری و بەڵگەنامەکان لەخۆدەگرێت، ئەم پایانە بەشێکی جەوهەری سیستەمی یاسایی عێراق پێکدەهێنن و ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دەستەبەرکردنی دادپەروەری و یەکپارچەیی لە مامەڵە یاساییەکان، دادنووس دەبێت بەرزترین پێوەرەکانی دەستپاکی بپارێزێت و پابەند بێت بە یاسا و ڕێساکانەوە بۆ ئەوەی دادپەروەری و شەفافیەت لە کۆمەڵگادا بەدەستبهێنێت و متمانەی خەڵک بە سیستەمی یاسایی بپارێزێت.(عبد نصار، ٢٠٢٣: لا ٣١٠-٣١٢)

### 3.1.3 نهێنی و پاراستنی نهێنی

وەک فەرمانگەیەکی دادوەری، دادنووس دەبێت ڕاز و نهێنی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بپارێزێت. ئەم زانیاریانە لەوانەیە زانیاری کەسی هەستیاری تاکەکان یان زانیاری گرنگی بازرگانی لەخۆ بگرێت. ئەگەر دزەپێکردنی زانیاریی نایاسایی یان پێشێلکردنی تایبەتمەندی هەبوو، ئەمە بە هەڵە لە کاری دادنووسیدا دادەنرێت و دەتوانێت ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری نایاسایی یان کاریگەری نەرێنی لەسەر مافی تاک یان کۆمپانیاکان.(عجيمي، بێ ساڵی چاپ:لا ٦٢٧-٦٢٨) دادنووسی گشتی دەبێت وریا و بەرپرسیار بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری و بەڵگەنامەکان و خۆی لە هەر ڕەفتارێک بەدوور بگرێت کە ببێتە هۆی دزەپێکردنی نهێنی. (محمد و عبدالحميد، ٢٠٢١: لا ٣٥٩)

ڕۆڵی دادنووس درێژدەبێتەوە بۆ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، پابەندبوون بە پاراستنی نهێنی بەشێکی سەرەکییە لە دەستپاکی و بەرپرسیاریێتی پیشەیی کە دەبێت دادنووس خاوەنی بێت، ئەگەر ئەم پابەندبوونە پشتگوێ بخرێت، ئەمە دەتوانێت لێکەوتەی جددی لێبکەوێتەوە لەوانە دزەپێکردنی زانیاری نایاسایی و پێشێلکردنی تایبەتمەندی، کە مەترسی لەسەر دادپەروەری و مافی تاک و کۆمپانیاکان دروست دەکات. (محمد و عبدالحميد، ٢٠٢١: لا ٣٥٩-٣٦٣)

بۆیە پێویستە دادنووس هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی نهێنی و نهێنی و دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری یان بەڵگەنامە لە ڕێگەی نایاساییەوە دزەپێناکرێت، دەبێت وریا و بەرپرسیار بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری و بەڵگەنامەکان و خۆی لە هەر ڕەفتارێک بپارێزێت کە نهێنی بخاتە مەترسییەوە. (محمد، ٢٠١٩: لا ٤٤٥-٤٥٥)

ئەرکی پاراستنی نهێنی تەنیا بەرپرسیارێتییەکی پیشەیی نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکییە لە ڕۆڵی دادنووس لە پاراستنی دەستپاکی و متمانە بە سیستەمی یاسایی و بەدەستهێنانی دادپەروەری.

### 3.1.4 پابەندبوون بە پیشەیی بوون

دادنووس دەبێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا بە شێوەیەکی پیشەیی و ڕاستگۆیانە مامەڵە بکات، پێویستە خۆی لە هەر کارێک بەدوور بگرێت کە گومان لەسەر دەستپاکی و ڕاستگۆیی خۆی دروست بکات، بۆ نموونە، ئەمە دەتوانێت دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی بەرتیل یان دیاری نایاسایی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەڵگەنامەکانەوە لەخۆبگرێت، هەروەها دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لە دەستکاریکردن یان ساختەکردنی بەڵگەنامەکان بە هەموو شێوەیەک. (سالح ، ٢٠٢١: لا ١١٩-١٢٠)

پایەی هەڵە لە کاری دادنووسی لە یاسای عێراقدا پەیوەندی بە ڕەوایەتی یاسایی و ڕێکارە کارگێڕییەکان و نهێنی و تایبەتمەندی و پابەندبوون بە پیشەیی بوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەیە، دادنووس دەبێت پابەند بێت بە ستانداردە یاسایی و ئەخلاقییەکان و یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لە وردی و یەکپارچەیی کارەکەی، ئەگەر ئەم ڕێسایانە پێشێل بکرێن، ڕەنگە دادنووس لێپرسینەوەی یاسایی و سزای یاسایی عێراقی بەسەردا بسەپێنرێت، دادنووس بە کەسێکی بەرپرسیارێتی گەورە دادەنرێت لە سیستەمی دادوەری عێراقدا، دەبێت هێزێک بێت کە پاڵپشتی دەستپاکی و دادپەروەری بکات لە دادگا و ئەرکەکەی بە شێوەیەکی پیشەیی و ڕاستگۆیانە جێبەجێ بکات. ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و بەڵگەنامەکان و بەشداریکردن لە بەدەستهێنانی دادپەروەری دادپەروەرانە. (عجيمي ، بدون سنة: ٦١٦-٦٢٣)

پێویستە دادنووس پابەند بێت بە یاسا و ئەخلاقی پیشەیی و ستانداردە یاساییەکان بۆ دڵنیابوون لە وردی و یەکپارچەیی کارەکانی. پێویستە وریا و بەرپرسیار بێت و خۆی لە وەرگرتنی بەرتیل یان دیاری نایاسایی و دەستکاریکردنی بەڵگەنامەکان بەدوور بگرێت. پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی شەرعیەتی یاسایی، ڕێکارە کارگێڕییەکان، نهێنی و تایبەتمەندی، بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و یەکپارچەیی لە یاسای عێراقدا زۆر گرنگن، لە ئەگەری سەرپێچیکردنی ئەم ڕێسایانە، دادنووس ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی و سزای یاسایی عێراق دەبێتەوە. بۆیە پێویستە وریا بێت و بە وردی و ڕاستگۆیانە کاربکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا لە پێناو بەرزکردنەوەی دادپەروەری و متمانە بە سیستمی دادپەروەری عێراق.(محمد، ٢٠١٩: لا ٤٤٥-٤٥٥)

## 3.2 زیانە درووستبووەکان لە دەرەنجامی کارەکانی دادنووس

پێویستە دادنووس پابەند بێت بە یاسا و ئەخلاقی پیشەیی و ڕێساکانی ڕێکخستنی پیشەکەی بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە وردبینی کارەکانی. بەڵام هەندێک حاڵەت هەن کە هەندێک جار ڕوودەدەن کە لە ئەنجامدا زیانەکان لە ئەنجامی کردەوەکانی دادنووسەوە ڕوودەدەن. لەم تەوەرەدا باس لەو زیانانە دەکەین کە لە ئەنجامی کارەکانی دادنووسی گشتی بەپێی یاساکانی عێراق دێتە ئاراوە، هەروەها تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لەو زیانانە و پاراستنی یەکپارچەیی پیشەکە

**3.2.1 جۆرەكانی زیانەكان كە لە ئەنجامی كردەوەكانی دادنووسەوە ڕوودەدەن**

زیانە یاساییەكان:

دۆكیۆمێنتكردنی بەڵگەنامە ساختەكان: ئەگەر دادنووسی گشتی بەڵگەنامەیەک كە زانیاری ساختە یان ناڕاستی تێدابێت، خۆی و كەسانی پەیوەندیدار بەو بەڵگەنامەیە دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی و سزای یاسایی كە لە یاساكانی عێراقدا هاتووە .( دەق (٢٩٨) لە یاسای سزاكانی عیراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩، وە دەق (٢٢) لە یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨.)

دواكەوتنی ڕێكارەكانی بەڵگەنامە: ئەگەر ڕێكارە یاساییە دامەزراوەكان لە كاتی خۆیدا جێبەجێ نەكرێن، ئەمە دەبێتە هۆی دواكەوتن لە دۆسیە یاساییەكان و كاریگەری نەرێنی لەسەر مافی لایەنە پەیوەندیدارەكان.

كەمتەرخەمی بەڵگەنامەكان: ڕەنگە دادنووس كەمتەرخەم بێت و بەڵگەنامە گرنگەكان لەدەست بدات یان زیانیان پێ بگەیەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی زانیارییە گرنگەكان و كاریگەری نەرێنی لەسەر تاكەكان یان ڕێكخراوەكان .(حاجە و تمام، ٢٠١٧: ل ١٤٧)

زیانە ئەخلاقییەكان:

پێشێلكردنی زانیاری هەڵە: ئەگەر دادنووس زانیاری ساختە بكات یان زانیاری ساختە بدات بە مەبەستی زیانگەیاندن بە لایەنێک، ئەمە كاریگەری نەرێنی لەسەر یەكپارچەیی پیشەیی و متمانە بە ڕۆڵی دادنووس دەبێت .( دەق (٢٢) لە یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨)

دەستكاریكردنی بەڵگەنامەكان: ئەگەر دادنووس بەبێ ڕەزامەندی یان ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەكان بەڵگەنامەكان ساختە بكات یان دەستكاری بكات، ئەوا دەبێتە پێشێلكردنی ئەخلاقی پیشەیی و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتی خۆی .( دەق (١٧٠) لە یاسای سزاكانی عیراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩)

**3.2.2 ماف و ئەركەكانی دادنووس لە یاسای عێراقدا**

مافی دادنووس :

مافی سەربەخۆیی: دادنووس مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی و سەربەخۆ ئەركەكانی جێبەجێ بكات بەبێ ئەوەی دەست وەردانی دەرەكی كاریگەری لەسەر بڕیارەكانی هەبێت. (محمد، بێ ساڵی چاپ: ل ٣٣٩)

مافی ڕاستگۆیی و نهێنی: لایەنە پەیوەندیدارەكان بە بەڵگەنامەكانەوە دەبێت متمانەیان بەوە هەبێت كە دادنووس زانیاری و بەڵگەنامەكان بە نهێنی دەهێڵێتەوە و ئاشكرایان ناكات تەنها بە مۆڵەتی خۆیان نەبێت.

مافی قەرەبووكردنەوە: ئەگەر دادنووسی گشتی بەهۆی كارە پیشەییەكانیەوە بەر هەر زیانێک یان تۆمەتێكی درۆ بوو، ئەوا مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووی دادپەروەرانە بكات.

ئەم مافانەو كۆمەڵێ مافی یاسای تر وەک پلە بەرزكردنەوە و سەرموچەی ساڵانە وموچەی مانگان و مۆڵەتەكان (یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١).

ئەركەكانی دادنووس:

پابەندبوون بە یاسا: پێویستە دادنووس پابەند بێت بە هەموو یاسا و ڕێسا یاساییە كارپێكراوەكان و بە توندی جێبەجێیان بكات.

دەستپاكی و ڕاستگۆیی: پێویستە دادنووسی گشتی لە هەموو كارە پیشەییەكانیدا بە دەستپاكی و ڕاستگۆییەوە مامەڵە بكات و خۆی لە هەر دەستكاریكردن و گەندەڵییەک بەدوور بگرێت.

پاراستنی نهێنی بەڵگەنامەكان: پێویستە دادنووس ڕاز و نهێنی بەڵگەنامەكان بپارێزێت و ئاشكرایان نەكات تەنها بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەكان نەبێت.(عجیبی، بێ ساڵی چاپ: ل ٦١٦-٦٢٣)

**3.2.3 ستراتیژییەكانی دووركەوتنەوە لە زیان و پاراستنی ئەركی پیشەی دادنووس**

ڕۆڵی دادنووس بە بەردی بناغەی سیستەمی دادی دادەنرێت، گەیشتن بە دادپەروەری و شەفافیەت لە زۆر حاڵەتدا بەندە بە وردبینی و یەكپارچەیی كاری دادنووس، وەک پەیوەندی نێوان لایەنەكان و دەسەڵاتی دادوەری، دادنووس دەبێت بە توندی پابەندبن بە یاسا و ئەخلاقی پیشەیی و دڵنیابن لەوەی كە ڕێكارەكان بە وردی ئەنجام دەدرێن. (محمد و عبدالحمید، ٢٠٢١: ل ٣٤٦-٣٧٠).

چونكە جێبەجێكردنی بنەما پیشەییەكان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دووركەوتنەوە لە زیان كە لە ئەنجامی كردەوەی دادنووس دروست دەبێت و ئەركی پیشەكە بپارێزێت، لە ڕێگەی پابەندبوون بە یاساكان و پەرەپێدانی پیشەیی و هاوكاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان و دڵنیابوون لە نهێنی، هەروەها دادنووس دەتوانێت بە شێوەیەكی كاریگەر بەشداری بكات لە بەدەستهێنانی دادپەروەری و بەرزكردنەوەی ئەركی پیشەكەیان لە سیستەمی یاسایی عێراقدا.

1 .بە توندی جێبەجێكردنی ڕێكارە یاساییەكان:

دادنووس دەبێت وریا بێت لە ئەنجامدانی ڕێكارە یاساییە تایبەتەكان بۆ پشتڕاستكردنەوەی بەڵگەنامەكان، دەبێت دڵنیابێت لە شەفافیەت و وردبینی لە جێبەجێكردنی ئەم ڕێكارانەدا، و دڵنیابێت لەوەی كە ڕێز لە هەموو وردەكارییەكی یاسایی دەگیرێت، دەتوانێت بە بەردەوامی ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەر یان پسپۆڕی یاسایی بكات بۆ دڵنیابوون لەوەی كە ڕێكارەكان بە شێوەیەكی دروست و پابەندبوون بە یاسا و ڕێساكانەوە ئەنجام دەدرێن(دەق (٢٠) لە یاسای دادنووسی عیراقی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٩٨).

2 .هاوكاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان:

هاوكاری لەگەڵ لایەنەكانی بەشدار لە بەڵگەنامەكاندا شەفافیەت و متمانە بە كارەكانی دادنووسی گشتی بەرز دەكاتەوە. پێویستە شەفافانە مامەڵە لەگەڵ لایەنەكان بكات و بە دەستپاكی و متمانەپێكراوییەوە وەڵامی پێداویستییەكانیان بداتەوە. دەتوانێت ئامۆژگاری یاسایی پێشكەش بكات و یارمەتی ڕێنماییكردنی لایەنەكان بدات بۆ ئەوەی باشتر لە پرۆسەی یاسایی و مافەكانیان تێبگەن. (عجیبی، بێ ساڵی چاپ: ل ٦٢٢-٦٢٣)

3 .پاراستنی نهێنی:

دادنووس دەبێت بە توندی پابەند بێت بە سیاسەتەكانی نهێنی و پاراستنی نهێنی، دەبێت دڵنیابێت لەوەی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی كە مامەڵەی لەگەڵ دەكات بە شێوەیەكی پارێزراو دەهێڵرێنەوە و ئاشكرا ناكرێن تەنها بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەكان نەبێت، دەتوانێت كارمەندەكانی ئاراستە بكات بۆ پابەندبوون بە هەمان ستاندارد و ڕێساكان بۆ دڵنیابوون لە نهێنی و تایبەتمەندی. (المشهدانی و حامد، ٢٠٢٢: ل ٢٤٢-٢٧٥)

دادنووس ڕۆڵێكی جەوهەری لە سیستەمی دادپەروەری دەگێڕێت و بەرپرسیارێتی گەورەی هەیە بەرامبەر بە كۆمەڵگا و دادپەروەری. دووركەوتنەوە لە زیانەكانی

دەرئەنجامی کردەوەکانی دادنووس پێویستی بە پابەندبوونی توند بە یاساکان و ئەخلاقی پیشەیی و جێبەجێکردنی وردی ڕێکارەکان هەیە، دەتوانرێت یەکپارچەیی ئەم پیشەیە لە ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام و هاوکاری لەگەڵ لایەنە بەرژەوەندخوازەکان و پاراستنی نهێنی زانیارییەکان بەرز بکرێتەوە. دادنووس بە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دەستپاکی و شەفافیەت دەتوانێت بەشداری بکات لە گەیشتن بە دادپەروەری و شەفافیەت لە سیستەمی دادوەری عێراق و بنیاتنانی کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای سەروەری یاسا. (محمد، ٢٠١٩: ل ٤٤٥-٤٥٥)

دەکرێت بڵێین دادنووس ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەیە لە سیستمی دادپەروەری. پێویستە پابەند بێت بە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقی پیشەیی بۆ دڵنیابوون لە وردی و یەکپارچەیی کارەکانی. بەڵام هێشتا ئەگەری زیانگەیاندن لە ئەنجامی کردەوەکانی دادنووس هەیە ئەگەر پابەند نەبێت بە بنەماکانی یەکپارچەیی و پاراستنی نهێنی زانیارییەکان. (محمد و عبدالحميد، ٢٠٢١: ل ٣٥٩-٣٦١).

لەمەی پێشەوە باسمان لە جۆرەکانی زیانە یاسایی و ئەخلاقیەکان کرد کە لە ئەنجامی ڕەفتاری دادنووسەوە دێتەکایەوە ڕوودەدەن، هەروەها باسمان لە ماف و ئەرکەکانی دادنووس کرد و چۆن دەتوانێت بە سەرکەوتوویی بەدەستی بهێنێت، بۆ بەشداریکردن لە دوورکەوتنەوە لەم زیانانە و پاراستنی یەکپارچەیی پیشەی دادنووس، وە ستراتیژی پراکتیکیمان باس کردووە کە بریتین لە جێبەجێکردنی توندی ڕێکارە یاساییەکان، وەبەرهێنان لە ڕاهێنانی پیشەیی، هاوکاری لەگەڵ لایەنە بەرژەوەندخوازەکان، و پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندی.

هەروەها گرنگی ڕۆڵی دادنووس وەک پایەیێکی چارەنووسساز لە بەدەستهێنانی دادپەروەری و چالاککردنی سیستەمی یاساییدا دەردەکەوێت، پابەندبوون بە یاسا و ئەخلاقی پیشەیی بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە بەرزکردنەوەی دەستپاکی و متمانە لەم پیشەیەدا، بۆیە پێویستە هەموو دادنووسێک کارێکی زۆر بکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دادوەری کوالیتی بەرز و پاراستنی ناوبانگ و یەکپارچەیی پیشەکە لە سیستەمی یاسایی عێراقدا.

### 3.3 پەیوەندی هۆکاری وە سەلماندنی لە کارەکانی دادنووس

پەیوەندی هۆکاری(علاقة سببية) بە یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی بەرپرسیاریەتی یاسایی دادەندرێت، هەروەها ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتییە یاساییەکان و دیاریکردنی ئەوەی کێ بەرپرسیارە لە ڕووداوەکان یان زیانەکان، تێگەیشتن لەم پەیوەندییە لە یاسای عێراقدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی کاتێک باس لە کاری دادنووس دەکرێت. (المدحتي، ٢٠١٩: ل ١٤٨-١٥٠)

لە یاسای عێراقدا دادنووس بە کەسێک دادەنرێت کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە یاساییەکان و مامەڵەکاندا، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا بابەتگەلێک سەرهەڵدەدەن کە پێویستیان بە پشکنین و شیکردنەوەی پەیوەندی هۆکارانە لە کردارەکانیدا هەیە. (محمد و عبدالحميد، ٢٠٢١: ل ١٤٨-١٥٠)

تێگەیشتن لە پەیوەندی هۆکاری دەتوانرێت بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا دابەش بکرێت :

یەکەم: هۆکاری پێویست: ئەو هۆکارەی کە بووە هۆی دەرئەنجامەکە دەبێت دیاری بکرێت، لە حاڵەتی دادنووسیدا، هۆکاری پێویست دەتوانێت هەر کارێک بێت کە لە دادنووسی بەڵگەنامە یاساییەکان ئەنجامی بدات. (المدحتي، ٢٠١٩: ل ١٣٦)

دووەم: ئەنجامی دڵنیاکەرەوە: کاریگەرییەکە دەبێت بە دڵنیاییەوە بەهۆی هۆکارەکەوە بێت. بۆ نموونە ئەگەر دادنووس بەڵگەنامەیەک بە زانیاری ناڕاستەوە تەسدیق بکات و لە ئەنجامدا زیان بە کەسێک بگەیەنێت، ئەوا دەبێت ئەم ئەنجامە دڵنیا بێت. . (المدحتي، ٢٠١٩: ل ١٣٧)

سێیەم: نەبوونی هۆکارە کاریگەرەکانی تر: دەبێت بوونی هۆکاری تر کە ڕەنگە ببنە هۆی ئەنجامەکە ڕەت بکرێتەوە. لە حاڵەتی دادنووسیدا، دەکرێت هۆکاری دیکە هەبن کە کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامەکە هەبێت، کە دەبێت بەدەر بکرێن بۆ سەلماندنی هۆکار. (المدحتي، ٢٠١٩: ل ١٣٨-١٣٩)

سەلماندنی هۆکار لە کردەوەکانی دادنووسیدا پێویستی بە وردبینی و شیکاری وردی ڕاستییەکان و بەڵگەکانی بەردەست هەیە. لایەنە بەرژەوەندخوازەکان، پارێزەران و دادوەرەکان پێویستە وریا و وردبین بن لە خستنەڕووی بەڵگە و ئارگیومێنتی گونجاو بۆ سەلماندنی پەیوەندی هۆکاری بە شێوەیەکی دروست، دەبێت بابەتی پەیوەندی هۆکاری لە یاسای عێراقدا بە وریایی و وردبینییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەم پەیوەندییە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە سیستەمی یاساییدا. (محمد و عبدالحميد، ٢٠٢١: ل ٣٤٦-٣٧٠)

پەیوەندی هۆکاری یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی یاسا، و بەشێکی گرنگی پرۆسەی دیاریکردنی بەرپرسیارێتییە یاساییەکان پێکدەهێنێت، هۆکار بە کاریگەری دەبەستێتەوە و دیاری دەکات کێ بەرپرسیارە لە ڕووداوێک یان زیانێک، لە یاسای عێراقدا پەیوەندی هۆکاری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دابینکردنی دادپەروەری و پاراستنی مافی تاک و دامەزراوەکان، ئەمە گوزارشت لە چەمکی پەیوەندی هۆکاری و چۆنیەتی سەلماندنی لە کردارەکانی دادنووس بەپێی یاساکانی عێراق دەکات. (محمد،٢٠١٩: ل ٤٤٥-٤٥٥)

لەمەشەوە، تێگەیشتن و چەسپاندنی پەیوەندی لە کردارە دادنووسییەکاندا پێویستە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سیستەمی یاسایی عێراقدا گرنگ بێت، گەیشتن بە دادپەروەری و پاراستنی مافی تاک و دامەزراوەکان زۆر پەیوەستە بە توانای شیکردنەوەی دروستی پەیوەندی هۆکار و پێشکەشکردنی بەڵگەی پێویست، بە وردی جێبەجێکردنی ئەم چەمکانە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی یاسایی بەهێز و دادپەروەرانە.

## 4. کۆتایی

لە کۆتای توێژینەوەکەماندا بە کۆمەڵێ دەرەنجام گەیشتین کە بەم شێوەیەی خوارەوەدا باسیان لێوەدەکەین:

دەرەنجامەکان:

1. دادنووس بە فەرمانبەرێکی گشتی دادەنرێت بەپێی سروشتی کارەکەی، وە بەگوێرەی یاسای بەرکاری دادنووسی ژمارە ٣٣یساڵی ١٩٩٨، و تەواوی پابەندیەکان وەک فەرمانبەرێکی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت.
2. دادنووس کۆمەڵێ ئەرک و دەسەڵاتی یاسایی تایبەتی بۆدیاری کراوە وەک: هەڵسان بە ڕێکخستن و پەسەندکردنی بەڵێننامە و وەرگێڕانی یاسای.

3. دادنووس ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەیە لە سیستمی دادپەروەری. پێویستە پابەند بێت بە کۆمەڵێک ئەرک وبەرپرسیارێتی یاسایی وئەخلاقی پیشەیی بۆ دڵنیابوون لە وردی و یەکپارچەیی کارەکانی، پابەندە بەدڵنیابوونەوە لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و گرێبەستەکان و پشتڕاستکردنەوەی یاسایی و ڕەواییان
4. -پێویستە لەسەر دادنووس بە توندی پابەند بێت بە ئەرکەکانی و پاراستنی نهێنی، دەبێت دڵنیابێت لەوەی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات بە شێوەیەکی پارێزراو دەهێڵرێنەوە و ئاشکرا ناکرێن تەنها بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان نەبێت.
5. بەرپرسیارێتی مەدەنیی دادنووس بابەتێکی یاسایی ئاڵۆزە، وڕۆڵی دادنووس لە ڕەسەنایەتی بەڵگەنامە و گرێبەستە فەرمییەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەشێکی سەرەکییە لە سیستەمی یاسایی، و بەمجۆرە بەرپرسیارێتییەکی گەورە بەرامبەر بە تاک و دامەزراوەکان هەڵدەگرێت.
6. داواکارانی زیانلێکەوتوو دەبێت ڕێکارە یاساییە گونجاوەکان پەیڕەو بکەن بۆ داوای بەرپرسیارێتی مەدەنی لە دادنووس.
7. چەندین جۆرێک زیانمان هەیە کە لە ئەنجامی کاری دادنووسەوە دێنەکایەوە، وەک زیانی یاسایی و ئەخلاقیو ماددیی
8. دادنووس بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر هاتوو بەهۆی کەمتەرخەمی بەڵگەنامە گرنگەکان لەدەست بدات یان زیانیان پێ بگەیەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی زانیارییە گرنگەکان.
9. سەلماندنی هۆکار لە کردەوەکانی دادنووسیدا پێویستی بە وردبینی و شیکاری وردی ڕاستییەکان و بەڵگەکانی بەردەست هەیە، لایەنە بەرژەوەندخوازەکان، پارێزەران و دادوەرەکان پێویستە وریا و وردبین بن لە خستنەڕووی بەڵگە و ئارگیومێنتی گونجاو بۆ سەلماندنی پەیوەندی هۆکاری بە شێوەیەکی دروست

## 5. ڕاسپاردە وپێشنیار

1. یاسای دادنووسی عێراق ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٥٨بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێناسەی دادنووسی نەکردووە، هەروەها یاسای جێبەجێکردن و هەمواركردنی یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨بەهەمان شێوە جێی هشتووە.
2. پێشنیار دەکەین بۆ هەردوو یاسادانەری عیراق و کوردستانی،کەوا مادەیەک تەرخان بکەن بۆمەرجە کەسیەکانی دانووس لە یاسای دادنووس،یاخود برگەیەک تەرخان بکەن لە مادەی (٦) کە ئاماژە بە یاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە (٢٤)ی عیراق ساڵی١٩٦٠ بدات بۆ دیاری کردنی مەرجە کەسییەکانی دادنووس،چونکە مەرجەکانی لێهاتوویی کاریگەری راستەو خۆیان هەیە لە سەر دیاری کردنی بەرپرسیارێتی شارستانی داد نووس.هەروەک چوون یاسادانەری لوبنانی دەقی (٥) بۆ دیاری کردنی مەرجەکانی لێهاتوویی دادنووسی تەرخان کردووە.
3. پێشنیارمان بۆ یاسادانەری عیراق و کوردستانی یەکەم/برگەیەک لە دەق (٣) زیادبکرێت لەگەل دیاری کردنی بەشەکانی کارگێری فەرمانگەی دادنووس، مەرجەکانی فەرمانبەرانی بەشەکانیش دیاری بکرێت وەک دەق (١٧) یاسای لوبنانی دووەم/دامەزراندنی دادنووسان بەشێوەی پێشبرکێ بێت،چونکە وا دەکات دادنووسانی شیاوتر ئەرکی دادنووسی بە رێوە ببەن.
4. پشنیار دەکەین کە یاسادانەری عیراقی پێداچوونەوە بەم بابەتە بکات و بە شێوەیەکی فراوانتر ئاماژە بە پشتراسکرنەوەی بریکانامەکان بکات،بەلایەنی کەمەوە جۆرەکانی بریکارنامە دیاری بکات لەهەمان برگە

## سەرچاوەکان

**کتێب:**

خطاب، وهبة (١٩٨٦) المسؤلية المدنية للمحامى، مكتبة عبد الله وهبة، الطبعة الثانية.

السنهورى، عبد الرزاق (٢٠١٠) الوسيط فى شرح القانون المدنى، الجزء الاول، ط١، دار الشروق، القاهره.

ابى حفض، سيراج الدين (١٩٧١) نواضر النظائر فى قواعد الفقهية، چاپخانەی (الكتب العلمية)، بەيروت - لبنان، ج١.

سوادى (بدون سنه) عبدالباقى محمود، مسؤلية المحامى المدنية عن اخطائه المهنية، چاپخانەی (دارالثقافة للنشر والتوزيع)، عمان.

سلطان، انور (٢٠٠٧) مصادر الالتزام، فى القانون، المدنى الاردنى، توێژینەوەی بەراوردکاری، ج١، چاپخانەی (الثقافة)، ئەردەن.

الصنعانى، محمد (١٩٩٧) سبل السلام شرح بلوغ المرام من جمع ادلة الاحكام، دار احياء التراث العربى، بيروت، ٨٦/٣.

زيدان، ابراهيم سامى (٢٠١٧) المسؤلية المدنية للموثق بين النظرية والتطبيق- توێژینەوەی بەراوردکاری، چاپخانەی (الجامعة الجديدة).

مەلا ساڵح، عەدنان (٢٠٢١) شرۆڤەی یاسای دادنووسان، چاپخانەی کتێبخانەی ڕزگار، چاپی یەکەم.

محمد، على عبد الفتاح (بدون سنه) الموظف العام وممارسة الحرية، تێزی دکتۆرا، زانکۆی قاهیرە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار النهضة).

المشهداني، حمد رياض فيصل، حامد، عمار سعدون (٢٠٢٢) الضمانات القانونية لممارسة المحامي مهام التوثيق، الرافدين للحقوق، بەرگی 24، ژمارە 79.

المدحتي، سامر محمد حسين (٢٠١٩) مسؤولية الادارة عن اعمال المادية الناتجة عن الخطاء – دراسة مقارنة، چاپخانەی (الجامعة الجديدة).

**گۆڤارە زانستیەکان:**

محمد، زينب جاسم (٢٠١٩) المسؤولية المدنية للكاتب العدل الإلكتروني، مجلة الجامعة العراقية، مج 21، ع. 44، 2019.

عوين، زينب احمد (٢٠٢٠) مسؤولية كاتب العدل عن جتاوزه حدود الوظيفة العامة، مجلة الجامعة العراقية، مج ٢٢، عدد59 ج3.

الظهورى، جاسم موسى و سادات، محمد محمد (بدون سنه) طبيعة مسؤلية الكاتب العدل المدنية، المجلة العلمية لنشر البحوث، عدد(٢٨٠٧-٥٩٨٧)، الشارقة.

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp1-10

يئسف، مجدى عزالدين (١٩٩٦) مبدا اولوية المسؤلية العقدية فى مجال مسؤلية اشخاص القانون العام، مجلة الحقوق، جامعة الكويت، السنة ٢٠، العدد ٤.

الظهوري، جاسم موسى (٢٠٢٢) مسؤولية الكاتب العدل المدنية عن أفعاله الشخصية وعن فعل الغير، گۆڤارى (العربية للعلوم ونشر الابحاث)، ب 6، ژماره 8.

حمد، مروان عضيد عزت (٢٠٢٠) العلاقة السببية بين الخطاء والضرر في قانون العقوبات العراقي – توێژینەوەی بەراوەردکاری، گۆڤاری (المشكاة في الاقتصاد والتنمية والقانون)، بەرگی5، ژماره 12.

عجيبي، سعاد احمد (بدون سنه) مسؤولية كاتب العدل عن تجاوزه حدود الوظيفة العامة، زانكۆى نەهرين، كۆلێژى ماف.

عبد نصار، ايناس مكي (٢٠٢٣) المفهوم القانوني للكاتب العدل- دراسة مقارنة، زانكۆى بابل، كۆلێژى ياسا، گۆڤارى (المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية)، بەرگى 15، ژماره 2.

محمد، عبد الباسط جاسم وعبد الحميد، سارة هشام (٢٠٢١) مدى نجاح تطويع القواعد العامة المنظمة للكاتب بالعدل التقليدي في تنظيم جهة التوثيق الإلكتروني في التشريع العراقي المعاصر، بەرگى 32، ژماره 2.

حاحة، عبدالعالى وتمام، أمال يعيش (٢٠١٧) إثر الاهمال الوظيفى على اداء الخدمة بالمرافق العامة، گۆڤارى (الاجتهاد القضائى) ژماره (١٥).

**یاساکان:**

یاسای دادنووسان عیراقی ژماره (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو.

یاسای تەکنیکی شارستانی عیراقی ژماره (٨٨) ساڵی ١٩٥٦ .

یاسای سزاکانی عیراقی ژماره (١١١) ساڵی ١٩٦٩،

یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، ژماره (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ .

ڕێنمایی ژماره (٤١٤٣) ی ساڵی ٢٠١٠ ی تایبەت بە ئەرک ودابەشکاری فەرمانگەکانی دادنووسی.

**Abstract**

There is no doubt that the notary has an important legal position, because he is the creator of justice in society, especially in terms of organizing, verifying and documenting proven documents. the work of notary is considered one of the most important work that in most countries of the world they have set special laws to regulate the duties and rights of notary, the Iraqi legislator has paid full attention to this issue and issued a special law, as law no. (33) of 1998 on notaries, which defines a set of obligations and rights for notaries, notary works in accordance with the law and his decisions are subject to monitoring and investigation, while protecting the legal rights of individuals in society in the event of any violation or deficiency in the work of the notary, therefore, in this study we have tried to present the civil responsibility of notary and the pillars of civil responsibility of notary in the light of the applicable laws, in order to answer the questions raised in this study, we must apply a comparative analysis methodology to analyze all the legal texts that deal with this issue in law no. 33 of 1998 in comparison with Arab applicable laws such as (Jordanian law no. 11 of 1952 and Lebanese law no. 337 of 1994), in order to present the article in the best possible way, and finally the most important conclusions we have reached are presented.